عەراقچی: دانوستان لەگەڵ ئەمریکا لە پێناو بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ئێرانە



وەزیری دەرەوەی ئێران وتی: دانوستان لەگەڵ ئەمریکا لە پێناو بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ئێرانە و ئێران بە لەژێک بەرگری لە مافەکانی کردووە.

عەباس عەراقچی، وەزیری دەرەوەی ئێران لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا وتی: تا ئێستا هیچ ڕێککەوتنێکی یەکلاکەرەوە نەکراوە بە دەستپێکردنەوەی دانوستانەکان، بەڵام ئاوگەڵی پێیام لەگەڵ لایەنی بەرامبەر بەردەوامە.

وتیشی: کات و شێوەی دانوستانەکانی داهاتوو بە تەواوی پێیوستە بە دیاریکردنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کەماری ئیسلامی ئێرانەوە.

جەختیشی کرد: دانوستان، هاوکات لەگەڵ خۆڕاگری، دیپلۆماسی و دەسەڵاتی بەرگری، یەکێک لە ئامرازەکانی کەماری ئیسلامییە.

وتیشی هەروەک چۆن ئێران پێش دەستدرێژی سەربازی ئەمریکا پێنج خولی دانوستانی لەگەڵ لایەنی ئەمریکی

ئەنجامدا، ئەستاش لە هەر شوێنێک کە بەرژەوەندی گەل پێویستی پێیەتی، ئامرازی دیپلۆماسی بەکاردەهێنێت.